## مەسئولەکان گوناحن ... بەختیار شاخی

bshakhy@hotmail. Com

لە ژمارەی رۆژی چوار شەممەی رابردووی رۆژنامەی (هەولێر پۆست) دا هەواڵێك لەسەر دەستگیرکردنی بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان بڵاو کرایەوە کە لەلایەن وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکارییەوە بەهۆی دیارنەمانی سەدان بەرمیل نەوتی ئاوارەکانەوە دراوەتە دادگا. ئەو هەواڵە بەجۆرێك دەنگی دایەوە کە وەك رۆژنامەفرۆشەکان گوتیان تا نیوەڕۆ یەك دانە لە رۆژنامەکە لە بازاڕدا نەما، ئەوەش ئەگەر مانایەکی هەبێت ئەوەیە کە خەڵك زۆر تامەزرۆی بنبڕ کردنی گەندەڵییە، چونکە هەستی پێدەکەن، وێڕای ئەوەی بەرپرسان پاساوی بۆ دەهێننەوە و دەڵێن " لێەو ئاستەدا نییە"، خەڵك پێیوایە گەندەڵی هەیە و کەم و زۆرییەکەشی گرنگ نییە و شیاوی پاساو بۆ هێنانەوەش نییە، گرنگ کار کردنە بۆ بنبڕکردنی. من وەك خۆم زۆر شانازیی بەوەوە ناکەم کە ئەو هەواڵەمان بڵاوکردۆتەوە و بە "شەقولقەمەر"ی دانانێم، چونکە ئەگەر ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان راستیش بن و بەبەڵگەوە بسەلمێنرێن، ئەوەندە گرنگ نابێت ئەگەر شەریك و پشت و پەناکانیشی راکێشی لیپرسینەوە نەکرێن، بێ لەوەش ئەوەی ئەو کۆی کردبێتەوە ناگاتە بەشی رۆژێکی ئەوەی بەرپرسێکی گەورە پێی دەڵێ "دەستکەوت"، ئەوەش بەرگریی نییە لە رەسوڵ "بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان" بەڵکو بۆ ئەوەیە بڵێم سیستەمی ئیداریی ئێمە دەرفەتی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی تێدایە و پێویستە "چاودێریی دارایی" لە تابلۆیەکی بێ گیانەوە بکرێتە دەزگایەکی چاو کراوە و وریا، ئەگەر "لیژنەی دەستپاکی"یش دانرا پێویستە خەڵکی دەستپاك لەو لیژنەیە بن.

ئەو بەرپرسانەی کە پێیانوایە خەڵك و میدیاکان لە باسکردنی گەندەڵیدا زێدەڕۆیی دەکەن ئەوە واباشە ئەوە رەچاوبکەن کە فارس گوتەنی " ئەوەی ئەمرۆ هێلکەیەك بدزێ سبەینێ وشتر دەدزێ"، کەواتە ئەگەر قسەکەی ئەوانیش قبوڵ بکەین و بڵێین گەندەڵی لە کوردستاندا کەمە، ئەوا با زووتر و تا گەندەڵییەکە کەمە بنبڕی بکەین، چونکە کە زۆر بوو چارەسەرکردنی دەبێتە مەحاڵ. زۆرم بەلاوە سەیرە کە بەرپرسێك دێتە سەر شاشەی TV و پاساو بۆ گەندەڵی دێنێتەوە و پێیوایە خەڵك مەسەلەکە گەورە دەکات، ئایا بە راستی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئەو "قسە و قسەلۆکانە" کراوە و بە حیساباتی هیچ دەزگا و بەرپرسێکدا چوونەتەوە؟ ئەگەر نا کەواتە ئێمە خۆمان لە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە دەدزینەوە، ئەوەش بەقەدەر "قسە و قسەلۆکەکان" زیانی بۆ ناوبانگی ئیدارەی کوردستان دەبێت، چونکە کاتێك خەڵك بە داهاتێکی کەمەوە ناچار بێت هەموو شتێك بە گرانی بکرێت و رۆژانەش گوێی لە مەبلەغی گەورەی سەدان ملیۆن دۆلاری بێت، دەبێ گلەیی ئەوەی لێ نەکرێت قوڕ بپێوێ و هاواری لێ هەستێ، لەو "قسە و قسە لۆکانەش"دا خراپییەك هەیە کە تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێ و بەرپرسی زۆر دڵسۆز و پاکیش هەن کە بە ئاگری ئەم و ئەوەوە دەسووتێن، گەندەڵییش تەنها کۆکردنەوەی "دەستکەوت" نییە و رایی نەکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان و ئەو رۆتینە کوشندەیەی لە فەرمانگەکاندا هەیە بۆ دڵشکاندنی خەڵك زۆر خراپە، بۆیە نە باس نەکردنی ئەو دیاردەیە کێشەکان چارەسەر دەکات و نە "قسە و قسەلۆك"یش خزمەتە، لێرەوە تکام لە خەڵك وایە چیدیکە باسی گەندەڵی نەکەن، ئاخر مەسئولەکانمان گوناحن و نەك هەر خۆیان بەڵکو میللەتێك بەخێو دەکەن و بەو گرانییەش ژیان زۆر زەحمەت بووە!